# ئەگەر خواردنی شێوان دانرا؛ ئەوا دەستبکەن بە خواردنی پێش ئەوەی نوێژی مەغریب ئەنجامبدەن، وپەلە مەکەن لە تەواوکردنی خواردنی

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خواردنی شێوان دانرا؛ ئەوا دەستبکەن بە خواردنی پێش ئەوەی نوێژی مەغریب ئەنجامبدەن، وپەلە مەکەن لە تەواوکردنی خواردنی».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر خواردن ئامادەکرا وکاتی بانگ بوو؛ ئەوا دەستبکەن بە خواردن، پێش ئەوەی نوێژ بکەن، ئەگەرچیش کاتی نوێژی جەماعەتەکە کەم بێت، وبۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، وەکو نوێژی مەغریب؛ بۆئەوەی بیر وهۆش لە کاتی نوێژدا لە لای خواردنەکە نەبێت، ئەبو دەرداء دەڵێت: (لە نیشانەی تێگەیشتنی مرۆڤ ئەوەیە کە پێویستیەکەی جێبەجێ بکات -بە پێی پێویست خواردن بخوات- پێش ئەوەی کاتی نوێژەکەی بێت بۆئەوەی بە دڵێکی خاڵی وناسەرقاڵەوە نوێژەکەی بکات) [رواه البخاري].



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee